بەتەمەنترین ئافرەتی عێراقی و لەوانەیە لە جیهاندا ڕۆژی پێنجشەممە کۆچی دوایی کرد



مەدلوە مەحەمەد کە بە "مەدلوولە" ناسراوە، کە بەتەمەنترین هاوڵاتیی لە عێراق، لەوانەشە لە جیهان، ڕۆژی پێنجشەممە (5ـی تشرینی یەکەمی 2023) لە ناوچەی ئیسلاح لە ڕۆژهەڵاتی شاری ناسریەی باشووری عێراق، بەهۆی باری تەندروستییەوە کۆچی دوایی کرد.

بەگوێرەی بەوانامەی مردن، ئەو ئافرەتە تەمەنی 138 ساڵ و لە دایکبووی ساڵی (1ـی تەممووزی 1885)ـە، مەدلوولە نزیکەی 140 ساڵ ژیاوە و بەو شێوەیە بە تەمەنترین کەس لە عێراق و لەوانەیە لە جیهاندا دادەنرێت.